# پرۆژەی "سفێر" کتێبێکی گرنگ لەبارەی کاری مرۆیی بە کوردی




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

پەرتووکی (پرۆژەی سفێر- پەیماننامەی مرۆیی و لایەنی هەرە کەمی پێوەرەکانی بەدەنگەوەچوونی مرۆییانە) لەلایەن دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێردرایە سەر زمانی کوردی و لە دووتوێی 396 لاپەڕەدا چاپکراوە.

ئیبراهیم سەمین، یەکێک لە بەرپرسانی دەزگاکە لەبارەی کتێبەکە بە (رووداو)ی گوت: "ئەم کتێبە دانسقەیەی بواری کاری مرۆیی، لەلایەن ستافێکی شارەزا لە بوارەکانی زمان، کاری مرۆیی و یاساناسی، پێداچوونەوەی بۆ کراوە و بەراوردکراوە لەگەڵ چاپە عەرەبییەکەیدا، بە ڕێنمایی و سەرپەرشتی خاوەنی سەرەکیی پرۆژەکەش کە کۆمەڵەی سفێرە، چاپ و بڵاوکراوەتەوە".

ئامانجی دەزگاکە لە وەرگێڕان و چاپکردنی ڕێبەرینامەی سفێر، وەک ئەو گوتی، ڕێگەخۆشکردنە بۆ بە دیسپلینکردنی کاری مرۆیی و بەرزکردنەوەی کواڵیتی کاری مرۆیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئاستی جیهانی بەپێی ڕێساو یاسا جیهانییەکان.

گوتیشی "لەبەر ئەوەی ئەم پەرتووکە ڕێبەرێکی کاری مرۆییە، دەزگای خێرخوازیی بارزانی بەبێ بەرانبەر پێشکەشی خوێنەری کوردی دەکات. مافی بڵاوکردنەوە و لە چاپدانی پەرتووکەکە پارێزراوە بۆ دەزگای خێرخوازیی بارزانی".

پرۆژەی سفێر دەستپێشخەرییەکی گرنگ بوو لەلایەن کۆمەڵێک ڕێکخراوی مرۆییەوە بە ئامانجی ڕەچاوکردنی چۆنایەتی و بەرپرسیارێتی کاری مرۆیی لەکاتی بەهاناوەچوونی لێقەوماوان و زیانلێکەوتووانی کارەساتەکان و جەنگەکان.

ئەم پرۆژەیە ساڵی 1997 لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی مرۆیی ناحکومی و هەردوو بزووتنەوەی جیهانیی خاچی سوور و مانگی سوور پێکهێنرا. ئامانج لەم پرۆژەیە پەرەپێدانی کارەکانیان و بەرپرسیارێتیان بوو لەکاتی بەهاناوەچووندا.

فەلسەفەی سفێر لەسەر دوو باوەڕی بنچینەیی دامەزراوە: یەکەمیان؛ هەموو زیانلێکەوتووانی کارەسات و ناکۆکییەکان مافی ژیانێکی شکۆمەندانەیان هەیە هەر لەبەرئەوەشە مافی کۆمەککردنیان هەیە. دووەمیان؛ هەموو هەنگاوێکی گونجاو دەبێت بگیرێتە بەر بۆ لابردنی ئەو نەهامەتی و ناسۆرە مرۆییەی کە لەئەنجامی کارەساتدا سەریان هەڵداوە.

پرۆژەی سفێر دواتر خرایە قاڵبی پەیماننامەیەکی مرۆیی و کۆمەڵێک پێوەری دیاری کرد کە دەبێت بەلایەنی کەم ڕەچاو بکرێن لە سێکتەرە سەرەکییەکانی پاراستنی ژیان و بەهاناوەچووندا.

پرۆژەکە باس لەو مەرجانە دەکات کە پێویستە ڕەچاو بکرێن لە هەر بەدەنگەوەچوونێکی مرۆییانەدا بۆ ڕزگارکردنی زیانلێکەوتووان و یارمەتیدانیان بۆ چاکبوونەوە لە ڕەوشێکی جێگیردا بەشێوەیەکی شکۆمەندانە.

---

# عەزیزی مەلای ڕەش بەرگی سێیەمی ڕۆمانەکەی بڵاودەکاتەوە



■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕووناکبیر عەزیزی مەلای ڕەش بەرگی سێیەمی ڕۆمانەکەی کە چیرۆکی تراژیدیای شاڵاوی ئەنفالە تەواو کردووە و بەمزووانە چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

عەزیزی مەلای ڕەش لەبارەی ئەو بەرهەمە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە بەشی سێیەم و کۆتایی ڕۆمانێکە کە باس لە کارەساتی ئەنفال دەکات و قارەمانی ڕۆمانەکە ژن و پیاوێکن کە پیاوەکە لە بەندیخانەی نوگرە سەلمان دەمرێ و ژنەکەش بە تەنیا ڕووبەڕووی زوڵم و ستەمەکانی بەعس دەبێتەوە.

بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکە بەناوی خاک و چەوسانەوە بوو، بەرگی دووەم بە ناوی خاک و کێشەی مان، بڵاوکراونەتەوە و بەرگی سێیەم و کۆتاییش ناوی خاک و هەڵدێر-ە کە لە 700 لاپەڕە پێکهاتووە و بەمزووانە بڵاودەکرێتەوە.

عەزیزی مەلاڕەش، یەکێکە لە نووسەرە دیارەکانی باشووری کوردستان، ساڵی 1936 لە هەولێر لەدایکبووە و لە منداڵییەوە لەلای مەلای ڕەشی باوکی لە حوجرە خوێندوویەتی، ساڵی 1959 چووەتە خولی مامۆستایی و دواتر بووەتە مامۆستای سەرەتایی، تاوەکو ئێستا 20 کتێبی نووسیوە.

---




# دڵدارە هەرە ئازیزەکەی چێخۆف بۆ سێیەمجار چاپ دەکرێتەوە

■ ئا: سیروان عەباس

"دڵدارە هەرە ئازیزەکەم" لە نووسینی ئەنتوان چێخۆف کە لەلایەن ڕەئووف بێگەردەوە کراوە بە کوردی، بۆ جاری سێیەم چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

ڕەئووف بێگەرد بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی ڕاگەیاند: کتێبی دڵدارە هەرە ئازیزەکەم باس لە چیرۆکی خۆشەویستی ئەنتوان چێخۆف و کچە شانۆکار ئۆلگا کیڵپەر دەکات کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی چیرۆکەکانی چێخۆفەوە بۆ شانۆ، ئاشنای یەکدی دەبن". ڕەئووف بێگەرد هەروەها دەڵێت: "کتێبەکە لە 400 لاپەڕە پێکهاتووە و سەرجەم نامەکانی چێخۆفی تێدایە کە بۆ کیڵپەری ناردوون".

نووسەر و وەرگێڕ ڕەئووف بێگەرد، ساڵی 1942 لە کەرکووک لەدایکبووە، ساڵی 1991 بووە بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی. ساڵی 1997 بووە بە سەرۆکی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ. ساڵی 1998 لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمیان دامەزراندووە و بووە بە سەرنووسەری گۆڤاری (سەردەم) کە تایبەتە بە وەرگێڕان. تاوەکو ئێستا دەیان کتێبی نووسیوە و وەرگێڕاوە.



# هەڵبەستی جەنگ لە ڕۆژئاوای کوردستان

جوان نەبی



دیاردەیەکی نوێ نییە کە جەنگ ببێتە مژاری هەڵبەست، تابلۆ یان ژانرەکانی دیکەی داهێنان، لە هەوڵدانێکدا بە ئاراستەی بەدۆکیومێنتکردنی ساتی جەنگ و ئێش و ئازارەکانی.

لە مێژوودا جەنگ دیمەنی هەرە لەپێشی ژیان بووە، لە ئەنجامی ئەمەشدا مژاری هەرە لەپێشی هەڵبەستیش بووە، ئیلیادە و ئۆدیسە، لە سەردەمی هۆمیرۆسەوە بۆچوونەکانی ئێمە دەسەلمێنن، نەخشەکانی سەر دیوار نیشانی دەدەن کە جەنگ لای شێوەکار و پەیکەرسازەکان مژاری داهێنان و ئافراندن بووە. دەتوانین بڵێین جەنگ دوای ئاشنابوون بە شیعر مژارێکی سەرەکی بووە، جەنگ بە درێژایی کات نەوەستاوە، هەروەها شیعری جەنگییش نەوەستاوە.

### چۆن دەتوانین هەڵبەستی جەنگ بناسێنین؟

لێرەدا ئێمەی کورد بە ناچاری بەرەوڕووی بەراوردکارییەک دەبینەوە، کاتێک شیعری بەرەنگاری تێکەڵی ئەم پرسە دەبێت، بە تایبەت کە هەڵبەستێکی بەهێز لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر دەستی هەڵبەستڤانانی وەک جگەرخوێن، عوسمان سەبری، تیرێژ، بێ بوهار، ڕەنجبەر و محەممەد عەلی حسۆ بەرەو لوتکەی خۆی هەڵدەکشێ، تاوەکو ئەمڕۆ کە هەڵبەستی هەرە بەربڵاوە.

نزیکایەتیی نێوان هەڵبەستی بەرەنگاری و هەڵبەستی جەنگی پەیوەستە بە کاتەوە، دوو شیعر لە هەمان سەردەمدا دەنووسرێن- لە سەردەمی جەنگدا+ بەڵام بۆچوون و تێڕامانی جیاواز بە ئاراستەیەکی دیکەدا دەچێت، کە هەڵبەستی جەنگ دوای ئەوەی شەڕ کۆتایی دێت دەنووسرێ، بە بۆچوونێکی دی دەتوانین شرۆڤەی جەنگ بکەین کە هەڵبەستی جەنگ دووکەڵی دوای جەنگە، کاتێکە کە ئاگری جەنگ دادەمرکێتەوە.

ئەم بۆچوونە لای ئێمە زۆر پەسەندکراو نییە، جیاوازیی نێوان ئەم دوو هەڵبەستەی جەنگ و بەرەنگاری بە جیاوازیی سەنگەر دەبینین، جیاوازیی زمان و ئامانج. کاتێک هەڵبەستی بەرەنگاری دەچێتە سەنگەرێکەوە لە دژی سەنگەرێکی دیکە، بەڵام هەڵبەستی جەنگی سەنگەری سێیەم هەڵدەبژێرێ و ڕۆڵی چاودێر دەبینێ، لە پاڵ مرۆڤەکانەوە دەوەستێ، لە بەرزەفتکردنی ئازاری جەنگ. بەپێچەوانەوە هەڵبەستی بەرەنگاری کە لایەنگری بەرزکردنەوەی ورەیە و شەڕ دەکات، بە زمانێکی جیاوازتر لە زمانی شیعری جەنگی، ئەو هەڵبەستەی کە زیاتر گازەندە دەکات، یان لەنێو ئاگری جەنگ و ئەو مردنەی لە جەنگ دەبارێ، پرسیار دەکات.

ئێمە وەها لە هەڵبەستی جەنگی دەڕوانین کە هەڵبەستێکە بۆ زیادکردنی دۆست و هاوەڵی مرۆڤدۆستانەیە، دۆستانی ئێش و ئازاری مرۆڤ، هەڵبەستی بەرەنگاریش هەڵبەستی دروستکردنی خوێنەرانی لایەنگری خودان و مژاری هەڵبەستەکەن.

ئێمە کاتێک هەڵبەستە کوردییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەسەر دەکەینەوە، دەبینین کە زیاتر هەڵبەستی بەرەنگارین تا هەڵبەستی جەنگی، کە پێویستیی ئێمە بە هەڵبەستی جەنگی وەک پێویستیی ئێمەیە بە دۆستان و بەڵگەکردنی ئەو ئازارەی لە جەنگ دەیبینین، مردن و ئەو ساتەی کە لەجەنگدایە دەشێ ئێستا هەبێت و ساتێکی تر نەبێت، بە مانایەکی تر جەنگ کە بێگومان داهێنراوی مرۆڤە، بەڵام بە ئاراستەی لەنێوبردنی مرۆڤە، بۆیە هەڵبەستی جەنگ لە دۆخێکی وەهادا دەگری، بەڵام هەڵبەستی بەرخودان قیژە و هاوار دەکات.

# لەبارەی ئازادیی فکر و دەربڕینەوە

ڤینۆس فایەق



ئێمە بیرمەند و خاوەن ڕوئیا و فەلسەفەی تایبەتمان هێند کەمن ناتوانین بە ئاسانی بیاندۆزینەوە، خەڵکانێکی زۆرمان هەن کە بە جنێودان بە دین خۆیان لێ بووەتە نووسەر و بیرمەند، لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە من بێدینم و ئەویتر دیندارە، بەقەدەر ئەوەی مەسەلەکە ئەو فکرەیە کە ئێمە هەڵمانگرتووە و دەمانەوێت لە ڕێگەی نووسینەوە لەگەڵ ئەوانیتر، خوێنەر یان ئەوانەی گرنگی بەو بابەتانە دەدەن، بەشیان بکەین. چونکە لە کۆتاییدا هەموو فکرێک یان ئایدیایەک دەبێت مەبەست لێیان خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بێت.

خەڵکانێک هەن ئەوەندەی کێشەیان لەگەڵ کەسە خاوەن بۆچوونە جیاوازەکان هەیە، کێشەیان لەگەڵ فکر و کولتوورێکی فکری یان فەلسەفەیەکدا نییە، ئەوەندەی باسی ئەوانیتر دەکەن، باسی فکر و ئایدیایەک ناکەن کە خۆیان خاوەنین.

لەناو ئەو هەموو نووسەرانەدا کە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانیان پڕکردووەتەوە، بەوانەشەوە کە لەسەر فەیسبووک بوونەتە نووسەر، یەک نووسەریان تێدا نابینمەوە کە خاوەنی ڕوئیا و دونیابینییەک بێت ئەگەر بابەتێکی ببینم، زوو بیناسمەوە. نووسەرێک نابینمەوە خاوەن فکرێک بێت، لەهەوڵی ئەوەدا بێت خزمەتی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی پێبکات. هەڵبەتە خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هێندە خەیاڵ و موستەحیل نییە، تەنیا فکرەکەت لەسەر ئەرزی واقیع بەرجەستە بکە و بە نووسین و کردار وەکوو یەک بیگەیەنە ئەوانیتر لە دەوروبەرت و هەوڵی گۆڕین لەناو ئەو بازنە کۆمەڵایەتییەی دەوروبەری خۆتی پێبدە، ئیتر ئەوەندە بەسە ببیتە بەشێک لە هەوڵەکانی تر کە لە دونیادا دەدرێن بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی.

هیچ لێکدانەوەیەک نادۆزمەوە بۆ کەسێک، قسە بە هونەرمەندێک دەڵێت کە بۆ نموونە خەریکی تۆمارکردنی بابەتێکی هونەریی دینییە، یان پرۆژەیەکی هونەری سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەری ئیسلام، چونکە ئەوە بۆ من نابێتە کێشە، ئەوەی بۆ من دەبێتە کێشە ئەوەیە لە ڕێگەی ڕا و بۆچوونەکانیەوە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگدەداتەوە، جۆرێک لە سووکایەتی یان گاڵتەجاڕی تێدابێت، یان جۆرێک لە توندوتیژیی فکری بڵاوبکاتەوە. ئەگەر ڕەخنە لە شتێکی ئاوا بگرم ئەوە مەسەلەکە ئەوە نییە من دژی دینم، بەڵکو ئەوەیە کە من دژ بەو هونەرمەندەم. ئائەمەیە کە منیش دەمەوێت دەستی بخەمە سەر.

زۆر نووسەر وا دەزانن بیری دینیی توندڕەو دەبێت بنبڕێت، لەکاتێکدا ئەوە خەیاڵ و مەحاڵە، هیچ بیرێک (ئایدیایەک) لە دونیادا بنبڕ نابێت، بەڵکوو ئێمە لە ڕێگەی نووسینەکانمانەوە دەبێت جگە لەوەی بیرکردنەوە و ئایدیاکانی خۆمانیان لەگەڵ بەش دەکەین، لەهەمان کاتدا هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ئالیەتێکی ئەخلاقی و ئینسانی بدەین بۆ لەیەکتر تێگەیشتن و یەکتر قبوڵکردن، تەنانەت ئەگەر ڕەخنە لە ئایدیاکانی یەکتریش بگرین.

دواجار کێشەکە ئەوەیە بنمیچی بیرکردنەوەی زۆر کەس زۆر نزمە و بەخۆیان نەزانیوە، هەروەها سنووری بیرکردنەوەی هەندێ کەسی تریش زۆر تەسکە، لە کەسەکان تێپەڕ ناکات و هەستیان پێ نەکردووە. ئەم کێشەیە ڕەگوڕیشەی لەباری دەروونیی ئەو کەسانەدا داکوتاوە کە تەنانەت ئایدیاکانیان و دەربڕینی ئایدیا و بیرکردنەوەیان تەنیا لە سنوورێکی تەسک و لەژێر بنمیچێکی نزمدا دەتوانن گوزارشتی لێبکەن.

ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێمەدا ئەوەی لە قەیراندایە ئەخلاقی بیرکردنەوەمانە، ئەخلاقی فیکریمانە، ئەوەی پێی دەڵێن فەلسەفە و دونیابینیمان. بەو ناوەوە کەسانێک ڕێگەیان بە خۆیان داوە قسەی ناشرین بەوانیتر بڵێن بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە تەنانەت ئەو نووسین و هەڵوێستەی ئەوان بەپێی یاساکانی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ سزای بۆ بڕێندراوەتەوە.

ئەگەر کەسێک لە ڕێگەی بیروڕاکانیەوە دیندار بێت یان مولحید، هیچ زیان و حەیابردن و تەشهیر و سووکایەتی بەوانیتری لە پشتەوە نەبێت، هیچ پێویست ناکات لە خۆڕا ڕەخنەی لێبگرین، چونکە ئێمە ئەگەر فکرێکمان پێیە، دەتوانین وەکوو خۆی باس لە فکرەکە بکەین، دەبێت ئەو فکرەشی باسی دەکەین یەک مەبەستی لە پشتەوە بێت، ئەویش خزمەتکردن بە مرۆڤایەتییە.

هەڵبەتە هەمان شت بۆ هەڵگرانی بیری دینی و بیری دینیی توندڕەویش ڕاستە، چۆن ئێمە داوا دەکەین ڕێز لەوان بگیرێت، داوا لەوانیش دەکەین ڕیز لەوانە بگرن کە ڕایەکی جیاوازیان هەیە، ئەگەر بێدینیش بێت. ئەمڕۆکە هێند سەرچاوەکانی زانیاری و دونیابینیی فراوان بوونە، ناتوانین بە ئاسانی و بە چەند وشەیەک یان چەند دێڕێکی دینی قەناعەت بە گەنجێک بهێنین دیندار بێت یان نا.

زۆر وتار و نووسین دەبینین کە هێندەی تانە و تەشەرە لە کەسەکان هێندە تەرحکردنی فکرێک نییە، هێندەی دژایەتیکردنی کەسەکانە، هێندە ڕاگەیاندنی فکرێکی جیاواز نییە کە بۆ ئەوانیتری بسەلمێنین چۆن خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات.



نووسەرمان کەمن کە ڕا و بۆچوونەکانی و فکر و بیرکردنەوە و دنیابینییەکانی زادەی بەدواداچوون و قووڵبوونەوەی شەو و ڕۆژی خۆی بێت. ئەمە دواجار پێمان دەڵێت کە زۆربەی ئەو نووسەرانە بۆ خۆیان و بۆ فکرێکی تایبەتی خۆیان نانووسن، بەڵکوو بۆ ئەوانیتر و دژایەتیکردنی ئەوانیتر دەنووسن.

ئالێرەوە باسی ئازادییەکان دێتە ئاراوە کە هەڵەتێگەیشتنێکی ئێجگار گەورە هەیە لە چەمکی ئازادییەکان، هەر بە نووسینێکی لەو جۆرە ئێمە بە ئاسانی ئەوانیتر لەغو دەکەینەوە و بە سفریان یەکسان دەکەین تەنها ئەگەر جیاواز لە ئێمە بیربکەنەوە. لە کاتێکدا ئێمە ئەگەر بڕێکی کەمیش لە مانا و لێکدانەوە و ناوەڕۆکی چەمکی ئازادییەکان تێبگەین، ئەوە دەبێت بزانین کە نابێت هیچکات چاوەڕێی ئەوە بکەین لە هەموو شتێکدا لە یەکتر بچین، بەتایبەت لە بیرکردنەوە و دەربڕینەکانماندا. چونکە بەو جۆرە لەیەک چووین ئیتر ژیان مانای نابێت. هەرچەندە کەسانێک هەن کە ئەگەر تەواو وەکوو ئەوانیش بیربکەیتەوە، ئەوا شتێک هەر دەدۆزنەوە ڕەخنەت لێ بگرن، دەنووسن تەنها بۆ نووسین، تەنها بۆ ڕەشکردنەوەی لاپەڕە، تەنها بۆ ئەوەی ناویان بمێنێتەوە.

هەڵگرانی بیری دینیی توندڕەو وای بۆ دەچن کە دین لەسەرووی ڕەخنەوەیە، بەڵام ئەمە تەنها لای ئەوان وانییە، لای زۆرێک لە هەڵگرانی بیری عەلمانی و چەپە توندڕەوەکانیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە هەندێجار چۆن ژیان بە ئازادی لە بنباڵی هەڵگرانی بیری توندڕەوی دینی دەبێتە دۆزەخ بۆ ئەوانەی جیاواز بیردەکەنەوە، بەهەمان شێوە ژیان بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێت، لەتەنیشت چەپە توندڕەوەکاندا مەحاڵ دەبێت.

ئازادیی بیروڕا شتێکی جیاوازە لە ئازادیی ڕادەربڕین. ئێمە دەبێت ئازاد بین لە بیروڕاکانمان، هەروەها ئازادیش بین لە دەربڕینی ڕاکانمان، بەڵام ئەو دەربڕینە نابێت ئامانجی سووکایەتی و تەنیا دژایەتیکردن بۆ دژایەتیکردن بێت، چونکە ئەگەر ئازادیی بیروڕا و ڕادەربڕین نەکەوتە ژێر هیچ یاسایەکی ئەخلاقی و ئینسانییەوە، ئەوا باشترە ناوی ئازادی لێ نەنێین.

# پێگەی عەقڵ و مرۆڤ لە سۆفیگەریدا

ڕەسووڵ سوڵتانی



سۆفیگەری، ڕێبازی عەشقە. عەشقێک کە ئەنجامەکەی توانەوە و فەنابوونە لە دەریای بێبن و بێبڕانەوەی مەعشووق واتە خوادا. لەو سۆنگەیەوە، عەشق بنەمایە. نەجمی رازی لە کتێبی "مرصاد العباد"دا دەڵێ: یەکەم خوڵقێنراوی خوا، عەشق بوو. عەقڵ ئەوەی نەدەزانی. کە عەقڵ خوڵقێنرا، زۆر لەخۆباییانە بە فرۆفیشاڵەوە خۆی ڕانا، بەڵام کە ئاوڕی داوە، دیتی ئەوا یەکێک پادشایانە بە چوارناڵە دێ، ئەو عەشق بوو. عەشق هات و خێوەتی هەڵدا و عەقڵی کردە دەرکەوان.

سەرلەبەری ئەدەبی فارسی لێوانلێوە لە کێشەی نێوان عەقڵ و عەشق کە تێیدا هەمیشە عەقڵ لەبەر عەشق دەبەزێ و هەمیشە ئەسپی عەقڵ پەلێکی دەلەنگێ. ئاخر، سۆفییەکان پێیانوابوو عەقڵ شارەزای هەموو ڕەهەندەکانی ڕۆح و ڕێگەکانی گەیشتن بە خوا نییە و لە ڕێگەی گەیشتن بەخوادا بەردەوام لە قوڕی بەڵگەهێنانەوەدا دەچەقێ، تەنیا عەشقە پەی بە وجوودی بێبڕانەوە و بێسنووری خوا دەبات.

مەولەوی لە دیوانی غەزەلیاتی شەمسدا دەڵێ:

**عقل گوید شش جهت حدست و بیرون راه نیست**
**عشق گوید راه هست و رفته ام من بارها**

**یانی:**

**عەقڵ ئەڵێ هەر شەش دەرم گریمانە ڕێی دەرچوون نییە**
**عەشق ئەڵێ ڕێگا هەیە زۆر جاری پێدا دەرچووم**

یان حافزی شیرازی دەڵێ:

**حریم عشق را درگه بسی بالاتر از عقل است**
**کسی آن آستان بوسد که جان در آستین دارد.**

یانی:

**زۆر لە ئاوەز سەرترە دەرگانەکەی ماڵی عەشق**
**کێ لەسەردەست دابنێ گیان، ماچی وێی قسمەت دەبێ**

هەڵبەت نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە ڕێبازی سۆفیگەری بۆ پەرەپێدانی بیرۆکە و فێرکارییەکانی خۆی هەر ناچار بووە پەنا بەرێتە بەر بەڵگەهێنانەوە و عەقڵ، لێرەوە زۆر جاران کە ڕەخنە لە ناعەقڵانیبوونی سۆفیگەری دەگیردرێ، دەسبەجێ پەنا دەبەنەوە بەر مەلا سەدرای شیرازی بەتایبەتی کە بۆ عەقڵانیبوونی عەشق پەنا دەباتەوە بەر ئەم شیعرەی مەولانای ڕۆمی لە مەسنەویدا کە دەڵێ:

**عقل بنشست آنگهی که عشق خاست**
**عقل را با عشق الفت از کجاست؟**
**عقل رفت و عشق برجایش نشست**
**وارث عقل است عشق، ای حق پرست.(27)**

مانا کوردییەکەی:

**عەقڵ دانیشت کە عەشق هەستایە پێ**
**عەقڵ کەی دۆستایەتیی عەشق دەکا؟**
**عەقڵ ڕۆیشت و عەشق جێی گرتەوە**
**میراتگری عەقڵ، عەشقە ئەی حەقپەرست**

لێرەدا دیسان هەر ئەو بۆچوونەی ئێمە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئیتر کاتێک عەشق ڕادەبێ، عەقڵ کپ و بێدەنگ دادەنیشێت، دواتر عەقڵ دەزانێ تا عەشق لەوێ بێت ئەو جێی نابێتەوە، بۆیە دەڕوات و ئەمجارە عەشق جێی دەگرێتەوە و دەبێتە میراتگری عەشق.

جا مەلا سەدرای شیرازی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی دەڵێن سۆفیگەری لەگەڵ عەقڵانییەت ناتەبایە، پشت بەم شیعرەی مەولەوی دەبەستێ و دەڵێ: چۆن دەبێ عەشق کە میراتگری عەقڵە، دژی میراتدەرەکەی خۆی بوەستێتەوە؟

لێرەوە پێویستە تیشک بخەینە سەر چەند لایەنێکی ئەو بەڵگەهێنانەوەیە:

پێش هەموو شتێک لەو شیعرەی سەرەوەشدا، عەقڵ لە بەرانبەر عەشقدا وەک منداڵێک لە هەمبەر مامۆستاکەیدا دانراوە. میراتگربوونی عەشق، هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ ئەوەی بڵێین ئیتر دژی میراتدەرەکەی خۆی واتە عەقڵ ناوەستێتەوە. بگرە لە مێژوودا زۆرن ئەو میراتگرانەی هیچ شوێنەوارێکیان لە میراتدەرەکەی خۆیان نەهێشتووەتەوە. بۆیە بەڵگەهێنانەوەکەی مەلا سەدرا لێرەدا زۆر لاوازە.

هەر لە میرسادولعیبادەکەی نەجمی رازی- دا دەڵێ:

**عەشق و عەقڵ، وەک ئاو و ئاگر دژی یەکترن. هەر بۆیە عەشق کە تووشی عەقڵ بوو، لەگەڵی ڕێکنەکەوت و بە جێیهێشت و ڕۆیشت.**

...

**عقل را زی عشق خود راهی تواند بود؟ نه**
**نزد شاهنشه چه کار اوباش لشکرگـاه را**

مانای شیعرە کە ئەوەیە:

ئاخۆ عەقڵ ڕێ بەرەو عەشق دەردەبا؟ نەخێر... هەرزە و هەرچیوپەرچی چ کارێکیان لای پادشای خاوەنشکۆ هەیە؟

لێرەشدا عەقڵ وەک هەرزەیەک سەیر دەکرێت، وەک سەربازێکی هەرزەی نێو لەشکر کە بۆی نییە توخنی بارەگای پادشا، واتە عەشق بکەوێ. مامۆستا هێدییش لە دێڕە شیعرێکیدا باسی ناتەبایی عەشق و عەقڵ دەکا و و پێیوایە عەقڵ و عەشق وەک هەوێ وان و لە ماڵێکدا پێکەوە ناحاوێنەوە:

**هەر دەبوو ڕۆژی ئەوەڵ من دوو دڵم با و یەک زمان**
**تا لە ماڵێکدا ئەڤین و ئاوەزم نەبنە هەوێ**

حافزی شیرازی کە تۆزێک لە باقی شاعیرانی فارس نەرمونیانتر بە لای عەقڵدا تێدەپەڕێ، بەڵام ئەویش تەواو بڕوای وایە عەقڵ لە کەوشەنی عەشقدا ڕێ دەرنابا و ئاقڵان ناتوانن بە ئامراز و چەکی عەقڵ بگەنە عەشق. بۆیە دەڵێ:

**عاقلان نقطه پرگـــار وجودند ولی**
**عشق داند که درین دایره سرگردانند**

بە کوردی: "ئاقڵەکان نوقتەی پەرگاری "بوون"ـن، واتە چەقی "بوون"ـن. سەنتەرن. کەچی عەشق ئاگای لێیانە چۆن لەو بازنەیەدا سەریان لێ شێواوە و سەرگەردانن".

ئەگەر بمانەوێ نموونە لەسەر بەکەمگرتنی عەقڵ بێنینەوە، دەبێ بەلانی کەمەوە سەدا هەشتای شیعری فارسی بخەینە تویێ ئەم کورتە وتارەوە، هەر بۆیە ئەو چەند نموونەیەمان بەسە و پێموایە مەبەستەکەمان پێکاوە.

## پێگەی مرۆڤ لە ڕێبازی سۆفیگەریدا

مرۆڤ لە ڕوانگەی سۆفییەکانەوە چەقی "بوون"ـە. ئەوان بۆ گەورەیی مرۆڤ، پشت بە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکان دەبەستن، بەتایبەتی نەجمی رازی دەڵێ: خوای گەورە هەموو کەون و کائیناتی بە "کن، فیکون"ـێک دروست کرد، بەبێ ئەوەی دەست بۆ هیچ بەرێت، بەڵام بە دەستی خۆی قوڕی مرۆڤی هەڵشێلا (خمرت طینة آدم بیدي اربعین صباحا) و لە ڕۆحی خۆی فووی پێدا کرد و گیانی وەبەر نا (ونفخت فیه من روحي) و ڕێزی لێ گرت و خستییە سەرووی هەموو خوڵقێنراوانەوە (ولقد کرمنا بني آدم). بەڵێ، مرۆڤی نێو ڕێبازی تەسەوف مرۆڤێکی بەقەدر و قیمەتە. سووک نییە، بەڵکو خوا بە تایبەت دروستی کردووە و تەنانەت بە فووی خۆی گیانی بەربەردا کردووە و لە شێوە و شکڵی خۆی وێنای کردووە (خلق الله آدم علی صورتە)، بەڵام ئەو مرۆڤە بۆچی دروستکراوە؟ ئاخۆ بۆ ئەوەی دنیا بگۆڕێ؟ بەختەوەری وەدی بێنێ؟ هاوجنسەکانی خۆی بەختەوەر و دڵخۆش بکات؟ خەریکی داهێنان بێت؟ بنووسێ و بهۆنێتەوە و خۆی بە فەلسەفەوە خەریک بکات؟ شەڕ بکات و ئاژاوە بنێتەوە؟ دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی بکات و بەگژ زاڵماندا بچێتەوە؟ هەوڵ بدات بۆ دابینکردنی دادپەروەری و جوانکردنی ڕوخساری ژیان؟

نەخێر، لە ڕوانگەی سۆفییەکانەوە، مرۆڤ بۆ هیچکام لەو شتانە نەخوڵقێنراوە. بەڵکو بەو جۆرەی خوا وەڵامی پرسیارەکەی داوود دەداتەوە، کاتێک داوود لێی دەپرسێ: (یارب، لماذا خلقت خلق؟) فەرمووی: (کنت کنزا مخفیا، فاحببت ان اعرف، فخلقت خلق لأعرف). ئەرێ خوایە مرۆڤت بۆچی خەڵق کرد؟ خوا دەفەرمووێ: من گەنجینەیەکی شاراوەم، پێم خۆش بوو بدۆزرێمەوە، بۆیە مرۆڤم خەڵق کرد تا بەشوێنمدا بگەڕێت و بمدۆزێتەوە.

چونکە پێشتر ئەو ئەرکەی خستبووە سەر عەرز و ئاسمانەکان، بەڵام ئەم باری ئەمانەتەیان پێ قبووڵ نەکرابوو، دەفەرمووێ:

**ئێمە ئەم ئەمانەتەمان خستە ئەستۆی عەرز و ئاسمانەکان، بەڵام ئەوان شانیان وەبەر نەدا و چیاکانیش خۆیان لەبەر نەگرت، جگە لە ئینسان، بۆیە خستمانە سەر شانی ئەو.**

حافزی شیرازی دەڵێ:

**آسمان بار امانت نتوانست کشید**
**قرعەی فال بە نام من دیوانە زدند**

یانی:

**ئاسمان پێی هەڵنەگیرا، باری ئەرکی خوا ئیتر**
**تیروپشکیان بۆ منی دێوانە و شێت خستەوە**

......

نەجمی رازی هەر لەو کتێبەدا بە وردی باسی ئەوە دەکات کە چۆن خوا چەندین جاران جوبراییل دەنێرێ تا گڵەکەی بۆ بێنێ و مرۆڤی پێ دروست بکات، بەڵام "گڵ" مل نادا و ناچێ. ئاخرییەکەی کە بە زۆر دەیبات و مرۆڤ دروست دەکرێ، ئینجا ئەوە مرۆڤە لەکۆڵ خوا نابێتەوە، بەڵکو ئاشقی دەبێت و بە شوێنیدا دەگەڕێ و لە هەموو چرکەساتێکدا دەیەوێ ئەو زیندانە تاریکەی جەستە بەجێ بهێڵێت و بگەڕێتەوە نێو دەریای بێبن و تاهەتایی خوا و تێکەڵ بە سەرچاوەی وجوود ببێتەوە. ئیتر لەوێوە حەکایەتی ئاشق "مرۆڤ" و مەعشووق "خوا" دەستپێدەکات. نەجم دەڵێ: لێیان پرسی: ئەگەر ئێستا ئەوەندە تاسەباری حەزرەتی یاری، پێمان بڵێ ئەو ناز و نووزە چ بوو دەتکرد و نەدەهاتی؟ مرۆڤ وەڵامی داوە: ئاخر من دەمزانی ئەم ئاگری عەشقەم تێبەردەبێ بۆیە خۆمم دەبوارد. ئێستەش کە هاتووم ئیتر ئەم نهێنییەم پێ ناشاردرێتەوە و هەست دەکەم هەموو لەشم "دڵ"ـە و بە هەزار دڵ ئاشقی خوڵقێنەرم. لە ڕوانگەی سۆفییەکانەوە، لێرەوە قۆناغی گەڕان و گەڕانەوەیە.

هەر ئەوەی کە مەولەویی بەڵخی لە پێشەکیی "مەسنەویی مەعنەوی"ـیەکەیدا دەڵێ:

**هر کسی کو دور ماند از اصل خویش**
**بـاز جوید روزگـــــار وصل خویش**

یانی:

**هەر کەسی دابڕا لە بنکە و مـــاکی خۆی**
**دەچێتەوە سەر ماک و ڕیشەی پاکی خۆی**

ئەرک و کاری عەقڵ لە ڕێبازی تەریقەتدا هەر ئەوەندەیە کە قەناعەتی پێ بێنێ سەرچاوەیەکی ئەزەلی هەیە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو، بەڵام ئەوەی دەبێ بیگەیەنێتەوە لای ئەو سەرچاوە پاک و بێخەوش و بێبنە، عەشقە، چونکە عەقڵ ناتوانێ هەموو پلە و مەنزڵەکانی ئەو ڕێگەیە ببڕێ. ئاخر لە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوە عەقڵ زۆر جار لە ڕیزی وارسکە (غەریزە)ی مرۆڤ دانراوە و تەنیا مرۆڤ وەسوەسە دەکات و بە لاڕێیدا دەبات و لە خوای دووردەخاتەوە، تەنیا عەشقە کە دەیگەیەنێتەوە بە خوا. عەشق سەرچاوەی دڵنیایی و یەقینە، کەچی عەقڵ گومانکەر و گومانخوڵقێنە.

"ئاشقە دڵسووتاوەکەی" ڕێبازی سۆفیگەری واتە بنیادەم، بۆ ئەوەی پلە و مەنزڵەکانی بەرەو مەعشووق ببڕێت، دەبێ بەتەواوی خۆی لە خەڵک دابڕێ و پشت لە "دنیا وما فیها" بکات. نابێ بۆی گرینگ بێ دەوری چ پادشایەکە، چونکە سۆفییەکان بڕوایان بەوەیە کە "السلطان ظل الله في الارض"، واتە: پادشا سێبەری خوایە لەسەر زەوی. ئەوەی بەلای ئەوەوە گرینگە گەڕانەوە و گەیشتنە و تاقە ئەرکی سەرشانیشی هەر ئەوەندەیە، ئەوەتا خۆی فەرموویەتی: "وما خلق الجن و الانس الا لیعبدون"... ئەوانم تەنیا بۆ ئەوە خوڵقاندووە، بمپەرستن.

مەزنیی بنیادەم لای سۆفییەکان تەنیا لەوەدایە کە تاقە بوونەوەرێکە دەتوانێ خوا بناسێت، چونکە ئەو "علم الأسما" واتە زانستی ناوەکانی پێدراوە، زانستی ناوەکانیش بۆ ناسینی خۆی و خوایە. لە ڕێبازی سۆفیگەریدا مرۆڤ دەبێ ئەم پرسیارانە لەخۆی بکات:

من کێم؟ لە کوێوە هاتووم؟ بۆ هاتووم؟ کەی دەگەڕێمەوە؟ ئەی چۆن دەگەڕێمەوە؟ چۆن دەگەمەوە؟

بەو پێیە، ڕێبواری ڕێبازی سۆفیگەری، گرینگی بەم جیهانە نادات، بۆی گرینگ نییە ئەم جیهانە چییە و چۆنە. ئەو تەنیا وەک پردێکی پەڕینەوە لەم جیهانە و لەم ژیانە کەڵک وەردەگرێت. نابێ تێکەڵی



یەکجاری پشتی تێدەکەن و ڕێی بەرەو خوا دەگرنەبەر.

بەوپێیە، مرۆڤی ڕێبازی سۆفیگەری، بەرانبەر دنیا مرۆڤێکی ناچالاک و پاسیڤە، تەنانەت ئەو چالاکییەی هەشیەتی، لەپێناوی مرۆڤ و دەوروبەریدا نییە، چالاکییەکی دەروونییە لە پێناوی گەیشتنەوەیدا بە حەق، ئەگەر ئەم چالاکییە دەروونییە جووڵەی جەستە و ریازەتکێشان و زیکر و سەما و دەفلێدانیشی لەگەڵ بێ، هەر لەپێناوی عەشقەکەدایە کە شتێکی ڕۆحییە. تەنانەت یاخیبوونەکەیشی یاخیبوونە لە دنیا و چێژ و خۆشییەکانی دنیا. بۆیە مرۆڤی ڕێبازی تەریقەت مرۆڤێکی چالاک و یاخی بە پێناسە دنیاییەکەی نییە. مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ نییە، بە ماددیات و هۆگری شتە زەمینییەکان بێت، بگرە پێویستە هەموو چالاکی و تواناکانی بۆ خوا و سەرەنجام توانەوە لەودا چڕ بکاتەوە.

## مرۆڤی سۆفیگەر و مرۆڤی پاش ڕێنیسانس

ئەوەی باس کرا، مەسەلەی عەقڵ و مرۆڤ بوو لە ڕێبازی سۆفیگەریدا. ئەو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوە و جیهانبینییە، بە تایبەتی لە سەدەی دووەمی کۆچیی مانگیدا سەرهەڵدەدات و کاتێک مەغۆلەکان دەست بەسەر بانووی ئێران و کەوشەنی خەلافەتی عەباسیدا دەگرن، ئەم فکرە پتر پەرەدەستێنێ. خاوەنڕایان پێیانوایە، پەنابردنە بەر عیرفان و بیری تەسەوف، جۆرێک ڕاکردنە لەو واقیعە زاڵەی کە ڕووناکبیران یان جیابیران لە گۆڕینەکەی نائومێد بوون و پێیانوایە دەروەستی نایەن و باشاری ناکەن، بۆیە ناچار پەنا دەبەنەوە بەر ناخی خۆیان و دەخزێنەوە قاوغی خۆیانەوە و، ئەوەش قەرەبووکردنەوەیەکی دەروونیی شکستە، شکستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرمانڕەوایی، ئەویش بە ڕاکردن و خۆدزینەوە لەو واقیعە تاڵانەی سەر زەوی. ئەوان لەبری خەفەتخواردن لەو هەمووە زوڵم و زۆر و بێدادی و کوشت و کوشتارەی کە ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە، ناچار دەست لە دنیا بەردەدەن و پێچەوانەی ئەو مرۆڤەی کە لە ڕێنیسانسەوە جارێکی دیکە سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە و دەکرێتە سەنتەری بوون. سەنتەربوونی مرۆڤی سۆفیگەری لە پێناوی توانەوەدایە لە دەریای خوادا، بەڵام سەنتەربوونی مرۆڤی ڕێنیسانس لە پێناوی گۆڕینی جیهاندایە. مرۆڤی ڕێنیسانس مرۆڤێکە بەگژ دەسەڵاتدارە زاڵمەکاندا دەچێتەوە، لەسەر ئەرزی واقیع دەژی و ئیتر چاوی لە ئاسمان نییە، بەڵکو ئاسمان و گەردوون وەک بابەتی لێکۆڵینەوە سەیر دەکات. نهێنییەکانی گەردوون دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات ئەو مەتەڵانە هەڵبێنێ و دەستی پێیان ڕابگات. ئەم مرۆڤە، ئاسمانگەڕ "کەشتیی بۆشاییگەڕ" دروست دەکا و دەچێتە سەر مانگ و مەریخ و لەوێ بە شوێن ئاسەوارەکانی ژیاندا دەگەڕێ. مرۆڤی ڕێنیسانس و پاش ڕێنیسانس بەرانبەر دەسەڵات و دەسەڵاتدارەکان دەستەوستان و پاسیڤ نییە، بەڵکو چالاک و یاخییە و بەگژیاندا دەچێتەوە. ئیتر بە جەزبە و حاڵ لێهاتن و نوقمبوون لە خەم و بیری گەڕانەوەدا بەرەو سەرچاوەی بوون، خۆی لە ڕاستییەکانی دنیا نادزێتەوە. عەقڵ و عەقڵانییەت تەرازووی هەڵسەنگاندنی کەون و کائیناتن. لەو سۆنگەیەوە مشتومڕی فەلسەفە و فەیلەسووفەکان دەستپێدەکاتەوە. فەلسەفە و ئەدەبی کۆنی یۆنان و ڕۆم دەژیێتەوە و دەبێتە مشتومڕ و داهێنان و شۆڕشی پیشەسازی و چاپخانە و کرانەوەی بیری مرۆڤ و جیاکردنەوەی ئایین لە دەسەڵات و بەگژداچوونەوەی نادادپەروەری و، دواجار نووسینەوەی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە سەرنجڕاکێشترین خاڵ تێیدا، ئازادیی مرۆڤە لە هەڵبژاردنی ئایینی خۆی، بەشێوەیەک کە ئەگەر هەر ڕۆژە و بچێتە سەر ئایینێک و بۆ سبەینێکەی بیگۆڕێ و تەنانەت بە ئاشکراش بڵێ من هیچ ئایینێکم قبووڵ نییە، کەس مافی ئەوەی نییە بەگژیدا بێ و لەسەر ئەوە سزای بدات. بەڵام مرۆڤ لە ڕێبازی سۆفیگەری و تەنانەت ئایینەکانیشدا ئازاد و سەربەست نییە. مرۆڤی ڕێبازی سۆفیگەری، ڕۆحێکی بێ ئارامە کە لە زیندانی جەستەدا قەتیسە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی خۆی و تا نەگەڕێتەوە ئەوێ، ناحەسێتەوە. بۆیە تاقە ئەرکی سەرشانی ئەو مرۆڤە خۆ دەربازکردنە لە زیندانی جەستە و لەم دنیایە و جگە لەوە هیچ ئەرکێکی دنیایی لەسەرشان نییە.

سۆفی، خوا بە یەکەم سەرچاوە و هۆکاری بوون دەزانێ و ئەوەش بە هێزی چاوی دڵ "کشف و شهود" دەسەلمێنێ، بەپێچەوانەوە، فەیلەسووف، کە مامۆستا و ڕێنوێنی تاکی مۆدێرنە، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە: "ئاخۆ جیهان چۆن دروست بووە"؟ بە شوێن وەڵامی زانستی و عەقڵانیدا دەگەڕێت. بۆیە تاکی پاش ڕێنیسانس دەربەست و بەبێ گومانکردن خۆی ڕادەستی هیچ بیر و بیرۆکەیەک ناکات و کە قبووڵیشی کرد، وەک حەقیقەتی ڕەها قبووڵی نییە. گومان بنەمای بیرکردنەوەی تاکی مۆدێرنە، بە پێچەوانەوە، دڵنیایی"یەقین" بنەمای باوەڕی تاکی تەریقەتە. لای تاکی مۆدێرن، هیچ شتێک حەقیقەتی ڕەها نییە، چونکە عەقڵ گومان دەخاتە سەر هەموو حەقیقەتێک، بۆیە حەقیقەتی تاکی مۆدێرن ڕێژەییە، بەڵام ڕێبواری تەریقەت، حەقیقەتێکی ڕەهای هەیە بەناوی خوا و ئەوەش تەنیا بە عەشق و دڵ پێی دەگات نەک بە عەقڵ. عەقڵ بەتایبەتی لە پاش ڕێنیسانسەوە تەرازووی هەڵسەنگاندنی هەموو شتێکە. ئەگەرچی ئێستا مشتومڕ زۆرە لەسەر ئەو کارەساتە مەزنانەی لە سۆنگەی عەقڵگەراییەوە کەوتوونەتەوە، بە تایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی و هۆلۆکۆستی جوو، بەڵام هەموو ئەو شتانە جێیان بە گرینگیی عەقڵ لێژ نەکردووە و لە دنیای عەقڵانییەتدا هەموو شتێک بە تەرازووی عەقڵ و ئەزموون و زانست پێوانە دەکرێت.

## دوا وتە:

سۆفیگەری، بیر و ئایدیای سەدەی دوو تا هەشتی کۆچیی مانگییە. ئەگەر ئەوان بە زمانی ئێمە نەدواون، ئەوان بە زمانی سەردەمی خۆیان دواون و بیریان کردووەتەوە. گەڕانەوەی ئێستا بۆ ئەو تێڕوانین و بیرکردنەوەیە، ڕاکردنە لە واقیعەکانی ئەم سەردەمە.

ماوەی چەند ساڵێکە تەوژمێکی گەڕانەوە بۆ بیری عیرفانی و سۆفیگەری و پەرەپێدانی ئەدەبی سۆفیگەرانە لە کوردستان سەری هەڵداوە. ئەو ڕەوتەی ئێستا لە باشووری کوردستان پەرەی پێدەدرێ، جا ئیتر ڕەوتێکی ئاراستەکراو بێت یان خۆڕسک، ڕەوتێکی هۆشیارانە بێت بۆ دوورخستنەوەی تاکی کۆمەڵگەی کوردستان لە واقیعەکانی ڕۆژ، یان تاک خۆڕسکانە بیەوێ خۆی لەو هەموو نایەکسانی و نادادپەروەرییە بدزێتەوە و بە تریاکی بیری سۆفیگەری خۆی سڕ بکات، بە هەردوو بارەکەیدا زیانی بۆ داهاتووی کوردستان هەیە. ئێستا کورد زیاتر لە هەموو سەردەمێک، پێویستی بە تاکی هۆشیار و چاوکراوە و یاخییە. تاکێک کە سنووری مافەکانی خۆی بناسێت و شەڕیان لەسەر بکات و بۆ وەدیهێنانیان تێبکۆشێت، نەک بەرەو بیر و تێڕوانینێکی ببەین، سڕ و جەزبەگرتوو ئاگای لە دنیای دەوروبەری نەمێنێت.

# حکایەتی ”چیرۆکی تەوالێت“

## ئەو چیرۆکەی پێشکەشی ڕەفیقی مەلا فایەقی مۆتێم نەکرد..!

◄ ڕەوف حەسەن



هەمیشە لەو بڕوایەدا بووم کە هەموو چیرۆکێکی هونەریی ڕەسەن و سەرکەوتوو چیرۆکێکی دیکەی ڕاستینەی لەپشتەوەیە. نازانم ئەم وتە و بۆچوونەم بەنیسبەت چیرۆکنووسانی دیکەوە چەندێ ڕاستە، لێ بەنیسبەت خۆمەوە بۆ زۆربەی چیرۆکەکانم چیرۆک و پاڵنەر و ڕووداوێکی دیکەیان لەپاڵدایە و بۆ نووسینیان هاندەر و هەژێنەرم بوونە. تەنانەت حەیشیشیان پێ تاڵ کردووم تا نووسیومن و لێیان ڕزگار بووم. چیرۆکی (تەوالێت)یش چوون ئەوانیدی وایە و ئەمەیش بەسەرهاتەکەی پشتەوەیەتی.

بەیانییەکی بەهاری 1990 لە چاپخانەی شەعب و قەرەباڵغییەکە هەستاین. ئێمە ئەکرەمی مام عەلی، عومەری حاجی مەحمود، هەمزەی عەلی دەدە، عومەری چاپچیشمان لەگەڵدا هات، بەرەو دووکانە گچکەکەی ڕەفیقی مەلا فایەق لە قەیسەریی نەقیب. لە پلیکانەکانەوە گوێمان لە بۆڵەبۆڵ و تەعلیق و قسە قوتەکانی کاکە ڕەفیق بوو. سەلام مەنمی و ئەحەی حەمکوڵ و مەلا ئەمینی لابوو.

- ئەم حسێن عارفە خۆی بەچی دەزانێت! چیرۆکێکی منی بە پەڕوباڵەوە داڵقوت کردووە.. بێئەوەی ئیشارەتێ بدات. یان هەرهیچ نەبێت پێشکەشی بکردمایە.

کاکە ڕەفیقی چیرۆک و ساتیرنووس چەند جارێکی دی ئەو گلەییەی لام کردبوو، بە فرسەتم زانی بۆ ئەوەی زێتر بیهەژێنم، هەر لەخۆمەوە...

- ئەگەر مەخسەدت چیرۆکی باخچەی گشتییە، ئەشهەدو وایە و دەبوو پێشکەشی بکردیتایە، بەڵام ئەوانە نە ئیعتیراف بەوە دەکەن کارێکی وایان کردووە و نە بە خۆشمان وەک چیرۆکنووس. ئەوەتا من چیرۆکێکی تازەم نووسیوە و پێش بڵاوکردنەوەشی ئیعتیراف دەکەم لەژێر کاریگەریی چیرۆکەکانی تۆدا نووسیومە.

هەستم کرد لەبری ئەوەی بیهەژێنم و ئاگرەکە خۆشتر بێت، بەم قسەیەم هێندە دڵخۆش بوو، حسێنی هەر لەبیرچووەوە. کەوتە مەدحکردنی شەیتانانەی من. دەمزانی بەڕاستی نییە، وەلێ مەبەستێتی ئەوەی لای حسێنەوە بەدەستی نەکەوتبوو، بەڵکو لای منەوە دەستی بکەوێت!

- ئەها چیرۆکنووسی پیاو.. و.. و... (هێندە زێدەڕۆیی لە ستایشی مندا کرد ڕووم نایەت لێرەدا بیاننووسمەوە)

یەکسەر کاک عومەری چاپچی هەڵیدایێ...

- تەبعەن کاک ڕەئوف حەسەن لەژێر ناونیشانی چیرۆکەکەشیدا دەنووسێت (پێشکەشە بە ڕەفیق فایەقی چیرۆکنووس و هاوڕێم.)

هەموو بە گومانەوە سەیریان دەکردم، وەکو بیانەوێت لەسەر ئەو قسانەی هەروا بۆ سوعبەت و دڵنەوایی ئەو کردبووم و زۆربەشیان دەیانزانی وا نییە، هەر بۆئەوەی تووشم بکەن و بمخەنە هەڵوێستێکی مۆلەقەوە، هەموو پشتگیریی کاک عومەریان کرد. بەواتایەکی دی من بەتەڵەوە بووم.. زمانیشم وەک بە تەڵەی تەقیوەوە بووبێت هەر لەخۆمەوە گوتم:

- خۆزگە بمتوانیایە ئەوە بنووسم!

ڕەفیق خێرا هەڵیدایە:

- بۆ ناتوانی! قەڵەمت پێ نییە؟ ها ئەوە پاندان و بڕۆ بینووسە و بینێرە بۆ گۆڤاری!

هەمدیسان بۆئەوەی بەزمەکە خۆشکەن، هەموو پشتگیریان کرد.. بەدووی بیانوویەکدا دەگەڕام خۆمی پێ دەربازبکەم و لەگەڵ قسەکەی پێشووشمدا دژوار نەبێت:

- ئاخر! ئاخر! ئەگەر شتێکی وا لەلای ناونیشانەکەوە بنووسم، بۆ ئەو.. بۆ کاکە ڕەفیق خراپ و ناشرین دەکەوێتەوە!

هەموو لەم پاساوهێنانەوە نالۆگیکییەم بۆ نەنووسینی پێشکەشییەکەم سەرسام بوون.. کاک ڕەفیقیش هەر بەجارێ دەهری بوو..

- بۆچی بۆ من ناشیرین و خراپە! ئەگەر تۆیش وەک حسێن نیت.. ئەوە مەکەرە بیانوو.. با بۆ من خراپ بێت و بینووسە.

- ڕەفیقی برام هەڵمەچۆ! دەزانی چیرۆکەکەم ناوی چییە!

- ناوی هەرچییەکە گرینگ نییە.. ئەگەر درۆ ناکەیت تۆ بینووسە و خەمی منت نەبێت.

- ئاخر ناوی (تەوالێت)ە.. خەڵکی گوڵ پێشکەشی هاوڕێ و دۆستانیان دەکەن.. مەعقولە من بنووسم تەوالێت پێشکەشە بە هاوڕێی خۆشەویستم ڕەفیق فایەق!

هەروام گوت و هەموو پێکەنین.. ڕەفیق زۆر نیگەران بوو.. بە تووڕەییەوە:

- بەشەرەفم درۆ دەکەیت.. چیرۆکی وا هەر نییە.. چۆن ناوی ئاودەستخانە لە چیرۆک دەنرێت.. دەسخەتەکەمان بۆ بێنە.. دەیهێنیت یان نا!؟

- بەسەرچاو.. سبەینێ ئەگەر لەگەڵ خۆمدا نەمهێنا، مافی خۆت و هەموو ئەم برادەرانەشە بەنەفرەتم بکەن و بۆ هەتا هەتاشە باوەڕ بە هیچ قسەیەکم نەکەن •

ئێوارە بەدەم لێکدانەوەوە چوومەوە ماڵ.. خودایە من بەهۆی ئەم گەمە و سوعبەتە بێتامەوە چیم بەخۆم کرد و چۆن تووش بووم..

ئەگەر بەیانی چیرۆکێکی بەناونیشانی (تەوالێت)ەوە بۆ نەبەم، ئەوە ڕەفیقە و نەگاڵتە.. هەر بەجارێ لەنێو هەموو برادەرانیشدا ڕسوام دەکات و ئەوجا بە هەمان ناونیشانیش چیرۆکێکم لەسەر دەنووسێت و پێشکەشمی دەکات.. ئێستە قوڕی کوێ بکەم بەسەرمدا!

کۆنە داخی ساڵانێکی حیزبی شیوعیم لەدڵدا بوو، چۆن خۆمان و شانە (خەلییە) کەشمانی فەرامۆش کردبوو.. ئەوساکە لەنێو شانەکەماندا، چوون ناوێکی نهێنی هەر بە (گێلاس) یان (گەلاوێژ) ناوی حیزبمان دەبرد.. ئەویان بەهۆی ڕەنگەکەیەوە و ئەمیشیان بۆ خۆشەویستیمان بۆ شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی عەبدولکەریم قاسم.. ئێ بۆچی بەتیرێ دوو نیشان نەپێکم.. ئەوە دوو کەسێتی سەرەکیی خۆم و (گەلاوێژ) یان (گێلاس) بەلامەوە ڕوون و ئامادەن.. کێشەکەش خۆشەویستییەکەم بۆی و فەرامۆشکرنەکەی ئەویش بۆم، زۆر ڕوون و ئاشکرایە.. ئیدی خەیاڵ و تەکنیکی خۆم و مەسەلەی (تەوالێت)ەکەش هەر زۆر بەئاسانی بەدەستمەوە هات.. ئەوە نییە وەک ئیدیۆمێکی نێو کوردەواری بەتایبەتیش لەنێو کچان و ژنان بە توانجەوە و بۆ پیاوێ بەتەمایان بێت و بە دڵیان نەبێت دەڵێن: (وەڵا لەسەر ئاودەستیش بیری لێناکەمەوە).. ئیدی هەر ئەوەی ماوە بۆی دانیشم و بەدەم جگەرەکێشان و دیژلەمە خواردنەوە دەستپێبکەم. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، دەبێت ململانێ و ڕووداوەکان بەو بارەدا بەرێ بکەم، بەرەو کۆتاییەکی هونەرییانەی پەسەند بچێت.

دوای نیوەشەو هەموو شتێکم تەواو کرد. ناوی (تەوالێت)م لێنا کە نە هەر پڕ بەپێستی بوو، بەڵکو وام هۆنیبووەوە گۆڕینی ناونیشانەکەی بەهەر شتێکی دی کەلەبەرێکی گەورە بخاتە سەرجەمی چیرۆکەکە و ڕووداوەکانیشییەوە. خۆ ئەگەر وانەبێت، وەک ئەوە وایە هیچم نەکردبێت.

وێڕای ئەمانەش، لەو ڕۆژگارەدا تازە ناوی چەند بیرمەندێ گەیشتبووە لامان. بەتایبەتی (فۆکۆ) و بە 5-6 ساڵ بەر لە مردنی بە نەخۆشیی ئایدز، تێزەکانی لەمەڕ بەدەن (جەستە- گۆشت) نەک (ڕۆح)و (میتافیزیک) مایەی سەرنجڕاکێشانم بوون. جا لەبەر ئەوەی سەرلەبەری چیرۆکەکەم بە شێوازی (تەوژمی هۆش) نووسیبوو، تارمایی گۆشتی جەستەی (گەلاوێژ) بە جوانترین شێوە لە فەزای بەشێکی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت.

بەکورتی هێندەی بە قوتار بوونم لەدەست کاکە ڕەفیقی دڵناسک دڵخۆش بووم، سەد ئەوەندە بە نووسینی چیرۆکەکە خۆی شادمان بووم. تا ئێستاش بەلای خۆمەوە بە یەکێ لە چیرۆکە دەگمەنەکانمی دادەنێم.

بەیانی زوو دەستنووسەکەم بە کاک عومەری چاپچیدا بۆ نارد.

دوای خوێندنەوەی، پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لەگەڵ کاکە ڕەفیقدا پیاسەیەکمان کرد. گەرچی قەناعەتی تەواویشی کردبوو کە ئەو بیرۆکەیە دوور و نزیک پێوەندی بەوەوە نییە، مەحاڵیشە بە شەوێک و بە پەلە نووسرابێت، حەزیشی دەکرد پێشکەشی بکەم. تەنیا گرفتێ لەبەردەمیدا هەر ناونیشانەکەی بوو.

- ناکرێت ناونیشانەکەی بگۆڕیت؟

- بیکەم بە چی!

- بۆ نموونە (گەلاوێژ) ناوێکی جوانە و بۆ پێشکەشکردنیش هەموو کەسێ شانازیی پێوە دەکات.

- زۆر ڕاستدەکەیت ناوێکی جوانە، وەلێ سەردەمی ئەو ناولێنانانەی چیرۆک لەمێژە بەسەر چووە.. (مادام بۆڤاری)، گۆستاڤ فلۆبیر و (خازێ)ی بلە و ئەوانیدی.. ناونیشانگەلێکی باوی سەردەمی ڕێبازی ڕیالیزم بوون. ئێمە خۆمان بە مۆدێرن دەزانین. (گەلاوێژ) و (کورسی پێچکەدار) و تەنانەت (تەوالێت)ەکەش هێمای واتاداری تایبەتن لە خزمەتی چیرۆکەکەدان.

گەرچی ڕەفیق قەناعەتی بەهیچ شتێ لەوانەی وتم نەهێنا، بەڵام هەرچۆنێ بوو خۆم لەو گۆتاوەڕۆیە دەرباز کرد.

کاکە ڕەفیقی جوانەمەرگ لەنووسیندا بڕوای بە فانتازیا و ڕەمز و تەکنیکی چیرۆک و ڕۆمان و ڕێبازە هونەرییەکان نەبوو، تەنانەت بەتەواوی نەشیدەزانی ئەوانە چین. هەرچییەکی بە خەیاڵدا بهاتایە لە شێوەی نیمچە تەنزێکدا دایدەڕشت. سەرەتایەکی باشی لەو شێوازە نووسینانە بڕی. ئومێدێکی زۆرمان پێی بوو وەک ستایلێکی تایبەت بەخۆی هێندەی نەمابوو بەهۆیەوە چیرۆکی تەنزئامێز لە ئەدەبەکەماندا بێتەکایەوە، لێ بەداخەوە مەرگی چاوەڕواننەکراوی نەیهێشت.

سوپاس هاوڕێ بێوەی و قسەخۆش و چیرۆکنووسەکەم. سوپاس بۆ تۆ و ئەو هاوڕێیانەش لێرەدا ناوم بردوون. بە هەمووتان ناچارتان کردم ئەو چیرۆکە بە تاکە شەوێ بنووسم و لەو هەموو چیرۆکانە ناوازەتر و ڕاستگۆیانەتر بێت کە بە هەفتە و مانگ پێیانەوە خەریک بووم. لەبری پێشکەشکردن، کاکە ڕەفیق! ئەوەتا بەڕاستی دان بەوەدا دەنێم کە ئەو چیرۆکە نە لە چیرۆکی تۆ و نە لە هی هیچ کەس دەچێت. وەلێ تۆ خۆت بوویتە مایەی نووسینی و هەر خۆیشت بوویتە دایەنی لەدایکبوونی.

سوپاس بۆ هاوڕێیەتییە کورتخایەنەکەت. سوپاس بۆ ئەو هەموو پاکی و بەرائەتەت. سوپاسی گەرمم بۆ ئەو ئیلهامە ناڕاستەوخۆیەی پێت بەخشیم.



ئەکرەمی مام عەلی



هەمزە عەلی دەدە



عومەری شەعب



ڕەفیق مەلا فائیق

# فیلیپ ڕۆس

## ئەو ڕۆماننووسەی خەونی ئەمەریکییەکانی دەخوێندەوە

◄ لیزا محەممەد

ڕۆماننووسی ناوداری ئەمەریکی (فیلیپ ڕۆس) لە 22 ی مانگی ڕابردوو (ئایاری 2018) لە (مانهاتن) کۆچی دوایی کرد. ڕۆس بە گرینگترین ڕۆماننووسەکانی سەردەمی ئێستا دادەنرێ و یەکێکە لەو نووسەرانەی کە کاریگەرییەکی گەورەیان بەسەر ئەدەبی ئەمەریکی و هەروەها جیهانیشەوە هەیە. یەکێکیش بوو لەو نووسەرانەی کە بە وردی و بەشێوەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن، ژیانی تاکی لە کۆمەڵگای ئەمەریکیدا لەلایەک و، ئەمەریکییە جووەکانی لەلایەکی دیکە، لە ڕۆمانەکانیدا بەرجەستە کردووە و توانیویەتی ژیانێکی ئەدەبی بە خەون و خولیاکانی مرۆڤی ئەمەریکی ببەخشێ.

فیلیپ ڕۆس، ساڵی 1933 لە نیویۆرک لە خێزانێکی جوو لەدایک بووە. هەرچەندە بنەماڵەی ڕۆس سەرو سەودایەکی زۆریان لەگەڵ کولتوور نەبووە و هیچ کتێب و ڕۆژنامەیەک لە ماڵەکەیاندا نەبووە، بەڵام ڕۆس قۆناغەکانی خوێندنی بەباشی بڕی؛ سەرەتا یاسا دەخوێنێت، دواتر زمانی ئینگلیزی و ئەدەب.

ژیانی ئەدەبیی خۆی سەرەتا بە کورتەچیرۆک دەستپێدەکات و چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ساڵانی پەنجای ئەمەریکادا بڵاودەکاتەوە و ڕەواجێکی زۆری دەبێت، تا لە ساڵی 1959 دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆک بڵاودەکاتەوە و هەر بەو کۆمەڵە چیرۆکە، چەندان خەڵات وەردەگرێت. ئەوەی کە ئەم نووسەرەی لە نووسەرەکانی سەردەمی خۆی جیا دەکردەوە؛ ئەوە بوو کە ڕۆس بەشێوەیەکی بوێرانە باسی ژیانی سێکسواڵیتێی جووە ئەمەریکییەکان دەکات، ئەمەش چەندە دوژمنی بۆ پەیدا دەکات، هێندەش خوێنەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە.

ڕۆس زۆر بەسەلیقەوە، ژیانی جووەکانی نێو شارە بچووکەکانی وێنا کردووە، هەروەها کێشە و ململانەی نێوان نەوە گەنجە جووەکان کە بە تەواوی تێکەڵی کولتوور و دابونەریتی ئەمەریکییەکان بوون و نەوە کۆنەکە، کە پابەندی دابونەریت و کولتووری جوون.

ڕۆس، لەسەرەتای ژیانی ئەدەبیدا، سوود لە ژیانی خۆی و خێزانەکەی و دەوروبەرەکەی وەردەگرێت، دواتر لە قۆناغەکانی تری ژیانی ئەدەبیدا، بۆ هەر ڕۆمانێکی تازە، دەکەوێتە کۆکردنەوەی زانیاری و تۆمارکردنی ڕووداو و بەدواداگەڕانی هۆکار و فاکتەرەکان. ستایل و زمان و هونەری گێڕانەوە، لەگەڵ هەر ڕۆمانێکی نوێیدا، گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە و لە گەشەیەکی بەردەوامدا بووە و هەمیشە خوێنەر و ڕەخنەگرەکانی تووشی خورپە کردووە. ڕۆس لێکۆڵەرەکانی سەرسام کردووە، بە تایبەتی لەو ڕووەوەی کە نازانرێت چەندە لە ڕۆمانەکانیدا بیۆگرافیای ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە و چەندیش ئەندێشە و خەیاڵ.

ڕۆس چەندە لەو سی و یەک ڕۆمانەیدا کە بە درێژایی ژیانی نووسیویەتی، ئەمەریکییە و بە یەکێک لە نووسەرە ئەمەریکییەکان هەژمار دەکرێت، هێندەش نووسەرێکی جیهانییە و هەموو کەسێک دەتوانێت، لە سووچێک لە سووچەکانی ڕۆمانەکانیدا شتێک لە خۆی و بۆ خۆی بدۆزێتەوە.



یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ڕۆمانەکانی ڕۆس ئەوەیە بە وردی ژیانی پاڵەوانەکانی لەنێو ڕووداوەکاندا دروست کردووە، هاوکات پەیوەستن بە ڕەوش و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە، ئەمە جگە لەوەی کاری لەسەر وردەکارییەکان کردووە و بەستوونێتییەوە بە وێنە گەورەکەی هێڵەکانی ڕۆمانەکانییەوە. ڕۆس زۆرجار کۆمیدی تێکەڵاوی تراجیدی دەکات و زمانێکی گاڵتەئامێز و ساتیر بەکاردەهێنێت.

لەیەکێک لە دوا دیدارەکانیدا گوتبووی: ”هەموو ژیانم بۆ ڕۆمان تەرخان کردووە. لە ڕۆمانم کۆڵیوەتەوە، لە زانکۆکان وانەم لەسەر گوتووەتەوە، ڕۆمانم نووسیوە و خوێندوومنەتەوە. ئەمەیش لەبری هەموو شتێکی تر لە ژیانمدا. وابزانم ئیتر بەسە“. ئەو جگە لە ڕۆمانەکانی خۆی، لەماوەی چەندین ساڵدا سەرقاڵی کۆکردنەوە و ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی نووسینی نووسەرە لەبیرکراوەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بووە، بە تایبەتیش نووسەرە جووەکان. ئەم کارەیشی لەڕووی مێژوویی و مێژووی ئەدەبی جیهانییەوە بەهایەکی گەورەی هەیە و ڕەخنەگر و ئەکادیمیستەکان، وەک کارێکی گەورە و گرنگ ئاماژەیان بۆ کردووە.

ڕۆس بە چەند ساڵێک بەر لە مردنی، هیچ ڕۆمانێکی تازەی نەنووسی و خۆی خانەنشین کرد، لەبری ئەوە سەرلەنوێ هەموو ئەو کتێبانەی خوێندوونەتەوە کە زۆر بە دڵی بوون، هەروەها کتێبەکانی خۆی لە دوا کتێبییەوە تا یەکەم کتێبی، وەک پێداچوونەوەیەک بە ژیانی ئەدەبیی خۆیدا، بەڵام لە کۆتاوە بۆ سەرەتا.

بە کۆچی دوایی فیلیپ ڕۆس، ئەستێرەی یەکێک لە گەورە نووسەرە مۆدێرنەکانی ئەمەریکا و جیهان کوژایەوە.

### دیارترین کتێبەکانی ڕۆس

- ژیانی من وەک پیاوێک
- چاودێری ئەمریکی
- شکایەتی پۆرتنۆوی
- دوژمن
- خوات لەگەڵ کۆلۆمبس
- میراتی بەجێماوی باوک
- شانۆی سەبات
- هەموو پیاوێک

### هەندێ لەو خەڵاتانەی لەماوەی ژیانیدا وەریگرتوون

- ساڵی 1991 خەڵاتی نیشتمانیی ڕەخنەگرانی کتێب
- ساڵی 1993 خەڵاتی فۆکنەر
- ساڵی 1995 خەڵاتی نیشتمانیی کتێبی ئەمریکا
- ساڵی 1998 خەڵاتی پۆلیتزەر بۆ چیرۆک
- ساڵی 2001 خەڵاتی فرانتز کافکا
- ساڵی 2011 خەڵاتی مان بووکەر
- ساڵی 2012 خەڵاتی شازادە ئاستوریاس